سودانی فەرمانیدا هەموو ئاسانکاریییەکان بۆ هەفتەی ڕێشنبیری قەتەر لە بەغدا پێشکێشبکرێت



"محەمەد شیاع سودانی" سەرکی ئینجومەنی وەزیران، فەرمانیدا بۆ پێشکێشکردنی هەموو جۆرە ئاسانکاریییەکان بۆ بەڕێوچوونی هەفتەی ڕێشنبیری قەتەر لە بەغدا.

ئەمە پشتڕاستکرایەوە، لە ڕاگەیەندراوێکی نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرکی ئینجومەنی وەزیراندا هاتووە : "سودانی " پێشوازی لە " عەبدولڕەحمان بن حەمەد ئال سانی" وەزیری ڕێشنبیری قەتەر کرد.

لە دیدارەکدا گفتوگۆ لەسەر پەیوەندییەکان و چۆنێتی بەهێزکردنی ئاڵوگۆڕی شارەزایی و ئەزموون لە بوارەکانی ڕێشنبیریدا کرا.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە "سودانی" جەختی لە پێویستی بەردەوامی و هەماهەنگی و کاری هاوبەش کردەوە بۆ پشتگیری کەرتەکانی ڕێشنبیری و گەشتوگوزار و شوێنەوار و دەرخستنی ڕەگی گرنگیان لە کەمپەگادا،هەروەها ئاماژەی بە پێشکەوتنی پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوو وڵات لە چەندین بواردا کرد،لەوانەش لایەنی ڕێشنبیری.

هەر بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە : سەرکی ئینجومەنی وەزیران،جەختیشی لە گرنگی ڕێشنبیری کردەوە لە گەشەپێدان و بەهێزکردنی ناسنامەی نیشتمانی و ڕەگی چالاکییە ڕێشنبیرییە جۆراوجۆر و هاوبەشەکان لە پتەوکردنی پەیوەندی نێوان گەلانی برا و دۆست،هەروەک ستایشی هەفتەی ڕێشنبیری عێراقی کرد کە دوو

مانگ پێش ئێستا لە دەوڵەتی بەرەو چوو.

وەک هاگێیندراوەکە ئاماژەی پێداوە ، لە لایەن خەتەوە، وەزیری ڕۆشنبیری قەتەر سەاوی میری قەتەری گەیاندە "سوودانی" و ئاماژەی بۆ کرد کە وەاتەکەی پڕڕشە بە بەهێزکردنی هاوکاری هاوبەش لەگەڵ عێراق،و ستایشی هەوڵەکانی سەرکی ئینجومەنی وەزیرانی کرد بە بەدیهێنانی گۆشەپێدانی گشتگیر و پشتگیری ڕۆشنبیری، و دووپاتیشی کردەوە کە هەبژاردنی بەغدا وەک پایتەختی گشتوگوزاری عەرەبی بە ساڵی 2025 خاڵێکی گرنگی دەستپێکە بە بەهێزکردنی هاوکاری ڕۆشنبیری.